**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٤١٣٦ لە ٢٠١٦/١٠/٣**

## بــڕیاری

## ژمارە ( ٨٧ )ی ساڵی ٢٠١٦

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسوومات و سزا داراییەکانی تایبەت بە بواری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کــوردستان ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی،و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە بەرواری ٢٠١٦/٥/٢، و پشت بەست بە یاساکانی وەبەرهێنانی پیشەسازی لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٩١، و یاسای هێما و داتا بازرگانییەکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٥٧، و یاسای ڕێکخستنی بازرگانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٠، بڕیاردرا بە:**

**١- وەرگرتنی کرێی پشکنینی کارگەکانی کەرتی تایبەت بەگشتی و پرۆژە پیشەسازییەکانی مۆڵەت پێدراو لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٩١ کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان بەپێــی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (خشتەی کرێی پشکنینی کارگەکانی کەرتی تایبەت و پرۆژە پیشەسازییەکانی وەبەرهێنان) هاتووە کە لە (١٠) دە بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی (١) ( پشکنینی دامەزراندنی کارگەکانی ناو شار) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٠) ( پشکنینی کۆنترۆڵی جۆریی کارگەکانی مۆڵەتپێدراو لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان لە دەرەوەی شار- (٣) سێ مانگ جارێك) کۆتایی دێت.**

**٢- وەرگرتنی ڕەسمی چالاکییەکانی پرۆژەکانی هەویرکاری و شیــرنەمەنی و بریکارەکانی بەشە خۆراکی مانگانە بەپێــی خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (خشتەی ڕەسمی چالاکییەکانی پرۆژەکانی هەویرکاری و شیــرنەمەنی و بریکارەکانی بەشە خۆراکی مانگانە) هاتووە کە لە (١٣) سیانزە بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی (١) (دامەزراندنی سەموخانەی ئۆتۆماتیك) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٣) (مامەڵەی گۆڕینی ناوی بریکارەکانی خۆراك لەلایەن خودی بریکار) کۆتایی دێت.**

**٣- وەرگرتنی ڕەسمی مۆڵەتی هاوردن و هەناردنی کاڵا بەپێی خشتەی ژمارە (٣)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بەناونیشانی (خشتەی ڕەسمی مۆڵەتی هاوردن و هەناردنی کاڵا) هاتووە کە کە لە (٣) سێ بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی (١) (پێدانی مۆڵەتی هاوردن) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (٣) (ناسنامەی بازرگانی) کۆتایی دێت.**

٤- وەرگرتنی ڕەسمی تایبەت بە هێما و داتا بازرگانییەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسای هێما و داتا بازرگانییەکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٥٧ بەپێی خشتەی ژمارە (٤)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (خشتەی ڕەسمی تایبەت بە هێما و داتا بازرگانییەکان - جدول الرسوم الخاصة بالعلامات والبيانات التجارية) هاتووە کە لە (٢٨) بیست و هەشت بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی (١) (طلب التسجيل عن مادة واحدة) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (٢٨) (كتاب التأييد الموجه الي الهيئة العامة للكمارك) کۆتایی دێت.

٥- هەموارکردنی بڕی سزای دارایی هاتوو لە ماددەی (٢٠) لە یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٩١ بە جۆرێك کەمتـرین بڕی سزای دارایی لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتـر نەبێت، و بەرزترین بڕی سزای دارایی لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێکی سەرپێچی لە ئەحکامەکانی یاسای ئاماژەپێدراو لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەرجەکانی هاتوو لە یاسای ئاماژەپێدراو لەم بڕگەیە.

٦- هەموارکردنی بڕی سزای دارایی هاتوو لە بەشی (سێیەم/ تاوان و سزاکان) لە یاسای ڕێکخستنی بازرگانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٠ هەموارکراو بە جۆرێك کەمتـرین بڕی سزای دارایی لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتـر نەبێت، و بەرزترین بڕی سزای دارایی لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێکی سەرپێچی لە ئەحکامەکانی یاسای ئاماژەپێدراو لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەرجەکانی هاتوو لە یاسای ئاماژەپێدراو لەم بڕگەیە.

٧- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٨- کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٩- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**